جۆ بایدن لە کۆشکی سپی پێشوازی لە دۆناڵد ترەمپ سەرۆکی هەڵبژێردراوی ئەمریکا کرد

جۆ بایدن، سەرۆکی وڵایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ڕۆژی چوارشەممە لە کۆشکی سپی پێشوازی لە دۆناڵد ترەمپ سەرۆکی هەڵبژێردراوی ئەمریکا کرد.

ئەمەش وەک سەردانێک کە بەشێکی تەقلیدییە لە هادەستکردنی ئاشتیانەی دەسەڵات لە ئەمریکا، دوای بردنەوەی دۆناڵد ترەمپ.

لە گفتوگۆی هەردوو سەرۆکی ئێستا و داهاتووی ئەمریکا، جۆ بایدن پیرۆزبایی لە دۆناڵد ترەمپ کرد دوای بردنەوەی لە هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ئەمریکا و پێی گووت: پیرۆزبایيت لە دەکەم سەرۆک ترەمپ، بەخێربێیتەوە بە کۆشکی سپی، دۆنیا دەبمەوە لەوێی هەموو ئەو شتانەی کە بتوانت بدەستی بهێنیت.

سەرۆکی پێشوو و براوە دۆناڵد ترەمپ لە وەڵامدا وتی: "زۆر سوپاست دەکەم، پرۆسەی سیاسەت زەحمەتکێشە، بەڵام جیهان ئەمڕۆ جوانترە، گواستنەوەی ئاشتیانەی دەسەڵات زۆر بە بەرزی دەنرخێنم".

هەفتەی ڕابردوو، دۆناڵد ترەمپ بە جاری دووەم وەک سەرۆکی وڵایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هەڵبژێردرایەوە و توانی خاڵی تەواو بدەستبهێنێت دوای ڕکابەری لەگەڵ کاندیدی دیموکراتییەکان کامالا هاریس.

دوای بردنەوەی دۆناڵد ترەمپ، باڤە تاڵبانی سەرەکی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان پیرۆزبایی دەرچوونی کرد و لە پۆستکدا نوسیویەتی: هەرەمی کوردستان و ئەمریکا پەیوەندییەکی بەهێزیان هەیە کە لە بەها هاوبەشەکانی پابەندبوون بە سەقامگیری و ئاشتی لە جیهاندا سەرچاوەی گرتووە، ئەمە چاوەڕێی بەردەوامی و بەهێزکردنی هاوبەشیکانمان دەکەین بە بەرەوپێشبردنی ئاسایش و خۆشگوزەرانی.

هەروەها بەیارە لە مانگی کانوونی یەکەمی داهاتوو، دەسەڵاتی سەرکایەتی ئەمریکا هادەستی سەرەکی 47هەمین و هەڵبژێردراو دۆناڵد ترەمپ بکرێت.